# گەشبینییەکی بێ بناخە

**ئەمجەد شاکەلی**

گەیشتنی کورد، وەک هەر نەتەوە و گەل و کۆمەڵە مرۆڤێکی ئەم جیهانە، بە مافی ژیان، ئازادی، سەرخۆبوون، تەنێ ئەندێشە و کێشەی، چەند کەسانێکی نێو جڤاکی کورد نییە، بەڵکە ئەندێشە و کێشەی تەواوی کوردە، لە هەموو قوژبنێکی ئەم جیهانەدا. هەروەها نەگەیشتنی کورد و سەرنەکەوتنیشی، لە وەدیهێنانی خەونەکانیدا، دیسان کێشەی تەواوی کوردە، ئەوەی لە کوردستاندا، بەردێک دەخاتە سەر بەردێک و دیوارێک چێ دەکات و تۆوێک دەچێنێت و دارێک دەروێنێت، لە قامیشلوو بێت یا مەندەلی، لە ئیلام بێت یا ئورفە، لە ورمێ بێت یا باتمان، دەبێتە ماڵ بۆ هەموو کورد، لە هەر کوێیەکی ئەم جیهانە بن. خەڵکانێک، کە بانگهێشتن دەکرێن، بۆ پرۆگرامگەلێکی تەلەڤزیۆنی و لێدوان، لەمەڕ مەسەلەیەکی وەها چارەنووسسازەوە، وەک مەسەلەی کورد، مەرج نییە تەنێ ئەوانە بن، کە لە ڕاڕەو و هۆڵ و ژوورە مەزن و ڕازاوەکانی زانستگە و هوتێل و کارگێڕی و دەسەڵاتخانەکاندا، یا لە سەر رووپەلی رۆژنامە و گۆڤار و لە تەلەڤزیۆنەکانەوە، یا بە جل و پۆشاکی، کۆڵێک شیک و پۆشتەوە، یا ئەوانە بن، کە پێش ناوەکەیان دوو سێ وشەی دیکەی وەک دوکتۆر و پرۆفیسسۆر و ئەندازیار و رووناکبیر و نازانم چی دیکە هەن، یا لە نێو ئۆتۆمبیلە گرانبایی و نوێیەکاندا، دەبینرێن. ئەم جۆرە کەسانە، ڕەنگە بێجگە لە زمانی کوردی، چەند زمانێکی بیانی بزانن، و ڕەنگە چەند ساڵێکیان لە دەرەوەی کوردستان بردبێتە سەر، و ڕەنگە خودانی کۆمەڵێک بڕوانامە و بەڵگەنامەی خوێندن بن، و ڕەنگە ناوی چەندین جۆرە شەرابی فرانسەیی و ئیسپانی بزانن، و تاقییانکردبێتنەوە، و ڕەنگە بە مۆسیقای شۆپان و باخ و مۆزارت یا هاردرۆک و پەپ و هیپهۆپ بێنە سەماکردن و هەرگیز گوێ نەدەنە حەمەساڵح دیلان و موحەممەد عارف جزیری و حەسەن زیرەک، و ڕەنگە لە ساڵێکدا چەندین جار گەشتی هەندەران بکەن، و ڕەنگە بە سوسوو و ڤوڤوو و بوبوو و جوجوو و ژێژێ و ئەو جۆرە نازناوانە بانگی یەکدی بکەن و ڕەنگە و زۆر ڕەنگەی دیکەیش، بەڵام ڕەنگە و زوریش ڕەنگە، ئەو جۆرە کەسانە، هەرگیز نەتوانن و نەیانەوێت و نەزانن و حەزنەکەن، دەردە دڵەکانی خەڵکی کورد دەربڕن و پێشاندەن. ئەو جۆرە کەسانە، شارەزای زمانی خەڵک نین و ڕامان و هزر و ئارەزووەکانیان، ناخوێننەوە. میوانی 2003/12/4ی پرۆگرامی "لە کوردستانەوە"ی، کوردستان تیڤی، کاک عەبدوڕەززاق عەلی، دوکتۆر موحەممەد شەریف، بوو، کە ڕاگری کۆلێژی قانوون و سیاسەتی زانستگەی سەلاحەددینە لە هەولێر. ئەوەی، کە دابنیشێت بۆ تەماشاکردنی وەها پرۆگرامێک، و ببینێت مامۆستایەکی بەو قەبارە و پایە و ناونیشانەوە، میوانی ئەو پرۆگرامەیە، بێگومان چاوەڕوانییەکی زۆری هەیە لێی و وادەزانێت، ئیدی مەپرسە تەواوی سیاسەتی جیهان و ئاستەنگ و چارەسەرەکانی، ئەوەی کە لە پشتی پەردەوەیە و بابایەکی هەژاری وەک ئێمەی بینەر و بیسەر نایبینێت و نایزانێت، بە هۆی وەها مامۆستایەکەوە، هەمووی بۆ روون دەبێتەوە و شیدەکرێتەوە و هەرچی گرێکوێرەکانیشی هەن بۆی دەکرێنەوە. ئەو مامۆستایە لە دەسپێکی پرۆگرامەکەوە تا تەواوبوونی، ئەوە هیچ کە بە کوردییەکی نیوە عەرەبی قسەی دەکرد و ئاسانتر بۆی دەهات، هەرچەند من ئێستاکە کارم بەوەوە نییە، لێ لەوەی زیاتر، کە گەشبینی بەسەر بینەراندا دەبەشییەوە، هیچ کارێکی دیکەی نەبوو. ئەو ڕێک وەک پیاوێکی دەسەڵات یا پیاوێکی حیزبی، کە ناتوانن لە چوارچێوەی دەسەڵات و ئایدیۆلۆژیا دەرچنە دەرێ، قسەی دەکرد. هەموو شتەکان، تەواوی کێشەکان، لە کن وی هاسان بوون و چارەسەر دەکران. کورد بە دیتنی وی پێویستی بە هاتوهاوار و قیرەقیر نەبوو، چونکە تا ڕادەیەک کارەکانی دەچنە پێشێ و ئەوانە باسگەلێکن، کە خەڵکە بەرانبەرەکەی کوردیش دەیزانن و تێیدەگەن. ئەو، هەر وەک چۆن جەلال تاڵەبانی، مانگە سەرۆکایەتییەکەی خۆی،



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

له ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتییدا، له بەغدا، له نۆڤەمبەری 2003دا، لێ بووبوو به ڕاستی و وای دەزانی، به ڕاستی بووه به سەرۆکی عیراق و بەهاری هێنابووه چۆکان و دەیەویست بەو مانگه هەرچی کار هەن ئەنجامیان بدات و هەرچی مەلا و سەرۆکهۆز و دەوڵەت هەن، بەسەریان کاتەوه و هەرچی کێشه هەن، چارەسەریان بۆ بدۆزێتەوه و هیچ شتێک گیروگرفت نەبوو بۆی، میوانی لەکوردستانەوەش، هەر بەو شێوەیه دەدوا و دەهاته بەرچاو. ئەوەی مێشکی هەموو کوردی پێوه ماندووه، و ئەوەی بووەته هۆی خەوزڕانی هەموو کورد، و ئەوەی مایەی نیگەرانی و جێی پرسیار و ڕامان و ترس و لێوردبوونەوەیه، لەکن هەموو کورد، و ئەوەی کورد لێی دەترسێت، له کن ئەو جۆره مامۆستایانه، هەرگیز شایستەی خۆپێوەخەریککردن نین و زۆر به هاسانی دێنه دی. ئەگەر بمانەوێت وەڵامێک بۆ هۆکارەکانی شەکەتیی مێشک و خەوزڕان و ترس و نیگەرانی و پرسیار و ڕامان و لێوردبوونەوه و دڵەڕاوکەی خەڵکی کورد بدۆزینەوه، دەبێت مێژوو و ڕووداوەکان و ئێستا و ڕەوشەکان و دەوروبەر و کۆمەڵێک شتی دیکه بخوێنینەوه و بەراورد بکەین و بەباڵای یەکدییان بگرین و پاشان ئەنجامگیرییەک لەو تاوتووانه هەڵگۆزین. وەها کارێک له نووسینێکی وەها سەرپێییدا ناکرێت و کاتی دەوێت. یەکنەبوونی دەسەڵات و ڕێبەرایەتیی سیاسیی کورد، ناهاوئاهەنگیی و جیاوازیی کار و کاردانەوه و ڕەوتار و گوتاری سەرکردەیەتیی سیاسیی کورد، نەگەڕانەوەی تەواوی دەڤەره تازەئازادکراوەکانی کوردستان (تەواوی کەرکووک، تەواوی مووسڵ، خانەقین، مەندەلی، بەدره، جەسسان، عەزیزییه و سەرەوەی کووت) له هەموو ڕوویەکەوه، بۆ بەشه پێشترئازادکراوەکەی کوردستان، دەرنەکردن و نەگەڕانەوه و چۆڵنەکردن و بارنەکردن و ملنەشکان و نەگواستنەوەی عەرەبەکانی عەرەباندنی دەڤەره تازەئازادکراوەکانی کوردستان، نەگەڕانەوەی کوردانی دەرکراو و کۆچپێکراوی کورد بۆ سەر زێد وماڵی خۆیان له دەڤەره تازەئازادکراوەکان، نەگەڕانەوەی کوردانی فەیلی و کوردانی پەرپوەی هەندەران، بۆ کوردستان و جێگه و شوێنی خۆیان، نەکردنی کەرکووک به پێتەختی هەریمی کوردستانی فیدراڵ، تێکەڵکردنی پێشمەرگەی کوردستان و کردنی به بەشێک له لەشکری عیراق، ناردنی پێشمەرگەی کوردستان، تەنانەت ئەگەر یەک کەسیش بێت، بۆ ناوچەعەرەبییەکان، عیراقییاندنی تەواوی هزر و دید و ڕەوتار و گوتاری دانیشتووانی کوردستان، به کوردی نەنووسین له سەر ئەو پارەیەی، که تازه چێ کرا، هەڵکردنی ئاڵای عیراق له هەندێک ناوچەی کوردستاندا، نەبوونی ستراتیژ و سیاسەتێکی فەرهەنگی و ئابووری و لەشکری و نەتەوەیی، دووربین و دوورودرێژ، له کن سەرکردەیەتیی کورد، نەبوونی ئەنجومەنێکی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ بەرەنگاربوونەوه و خوێندنەوه و نەخشەدانان بۆ هەموو پێشهات و ڕووداو و داهاتوویەک، تەوای ئەمانه و دەیان شتی دیکەی زۆر زەقتر و لەبەرچاوتر و خویاتر، نیگەرانی و پرسیار و ترس و ڕەشبینییەک، له کن مرۆڤی کورد، چێ دەکەن و دەهێننه گۆڕی، که پێویسته وەڵامێکی هەبێت بۆیان. له پرسیار و نیگەرانییەکانی، بینەرانی ئەو پرۆگرامەدا و تا ڕادەیەکیش کاک عەبدوڕەززاق عەلیدا ، مێشکی خەڵکی کوردی بەتەنگەوەهاتووی دواڕۆژی کوردستان و گەلی کورد، دەخوێنرایەوه، بەڵام چ وەڵامێک هەبوو بۆ ئەو مێشکانە! بەشێک لەو نیگەرانی و ترسەی کورد، هەر له یەکەم ڕۆژی ڕووخانی دەسەڵاتداریەتیی بەعسڕا، دەبوو وەڵام بدرابایەوه و بکرابا به واقیع. ئەو خوێندنەوەیەی ئەو مامۆستایەی میوانی "لەکوردستانەوه" و ئەو پیاوەی، که سەرۆکایەتیی یەکمانگەی ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتیی عیراقی لێ بووبوو به ڕاستی، خوێندنەوەیەکی عیراقییانەی ڕەوشەکەن. گەشتێکی عیراقییانەن، به نێو مێشکی مرۆڤی کورددا. به پیرۆززانین و ڕاگرتنی بیر و بۆچوونی عیراقییانه و پاراستنی یەکپارچەیی عیراقن. له دیدی وەها خوێندنەوەیەکەوه، هەموو کارەکان هاسانن، چونکه مێشکه کوردییەکان دەعیراقیێنرێن. وەک پاداشتێکیش بۆ ئەو پیاوەی، که سەرۆکایەتیی یەکمانگەی نۆڤەمبەری 2003ی ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتیی عیراقی لێ بووبوو به ڕاستی، ئەوەتا عیراقییان، هێندەی پەسن دەدەن و



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com

دەستخۆشی لێ دەکەن[1]، کە لە سەردەمی بەعسیشدا و لە لایەن بەعس و دەسگای دەسەڵاتەوە، هەر هێندە پەسنی عیراقییەتی، تاها موحیەددین، عەبدوسسەتتار تاهیر شەریف، تاها ڕەمەزان، شێخ جەعفەر بەرزنجی، سیروان جاف و....دەدران. سەرانی کورد، پێویست بوو لەوە گەیشتبان، کە کوردی باشووری کوردستان ئەوڕۆ، هێندەی ڕێزەیەکیش پێویستیان بە عیراق نییە و ئەوە عیراق و عەرەبی عیراقن، کە دەبوو و دەبێ دەستەودامانی کورد بن و داوای لێخۆشبوونی لێ بکەن و لێی بپاڕێنەوە، کە جیا نەبێتەوە و هەرچۆن و هەرچی دەوێت، بۆیان بکرێت و با بۆ خۆیشیان بڕیار بدەن. من پێموایە، ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە میدیا و ڕاگەیاندنەکانی کوردستان و بوێرانی کورد، ڕوو بکەنە، خەڵکە خاوەن کێشەکە، با خەڵکی شێخەڵڵا، حەسیرەکە، کووران، ئەسحابەسپی، هەڵەبجە، تۆڵەفرۆش، مندالّی باوک و دایک ئەنفالکراو، کوردانی فەیلی، بدوێنن و بهێننە سەر تەلەڤزیۆن و با ئەوان هەستی خۆیان دەربڕن و دەردە عەرەباندن و بەعساندن و ئەنفال و وەدەرنان باس بکەن و بڵێن چییان گەرەکە و چ کوردستانێکیان دەوێت و چیدی سەری مرۆڤی مەینەتباری کورد، بە درێژدادڕیی عەرەب گوتەنی:"افندیةالصالونات"، واتە مامۆستایانی نێو هۆڵان، یا مامۆستا ملیوان سپییەکان و ئەو پیاوە و ئەو پیاوانەی، سەرۆکایەتییە یەکمانگییەکەی ئەنجومەنی دەسەڵاتی کاتیی لێ بووبوو و لێ دەبێت بە ڕاستی، نەئێشێنن.

2003/12/5

---

[1] بنۆڕە: www.elaph.com: نزار حيدر، **أيكم أحسن عملا... الطالباني نموذجا**، الخميس **04** ديسمبر **2003 15:25.**



PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com